ئەنجومەنی کەمکاری عەرەبی نیازی ئیسرائیل بە داگیرکردنی غەززە سەرکەنەدەکرێت



نوێنەری فەلەستین لە کەمکاری عەرەبیش ئەمە یەکشەممە ڕایگەیاند، ڕاگەیاندنی نیازی دەوڵەتی ئیسرائیل بە دەستبەسەرداگرتنی تەواوەتی لە کەرتی غەززە نیازی چەسپاندنی کۆلۆنیالیزم و ئاوارەبونی فەلەستینییەکان لە خاکی خۆیان ئاشکرا دەکات.

موهەند العکلوك، نوێنەری فەلەستینی لە کەبونوێیکی نائاسایی ئەنجومەنی کەمکاری عەرەبی لەسەر ئاستی نوێنەرانی هەمیشەیی، کە لەسەر داوای فەلەستین بەڕێوەچو، ڕایگەیاند، ئیسرائیل برستی وەک چەکێکی جینەسایدی لە غەززە بەکاردەهێنێت، ئیسرائیل هاوکارییە مرۆییەکانی کردوە بە "تۆڵەی مردن" بە فەلەستینییەکانی کەرتی غەززە.

ئاماژەی بەوەشکرد، کەمتەرخەمی نێودەوڵەتی بەدەستهاتە لە وەستاندنی "ئەو تاوانە کەمێکوژییەی کە ئیسرائیل بە شێوەیێکی دڕندانە لە غەززە ئەنجامی دەدات".

لایخۆیەوە ئەمجەد ئەلعەدایلە، نوێنەری ئوردن لەئەنجومەنی کەمکاری عەرەبی ڕایگەیاند، پلانەکانی ئیسرائیل هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بە سەر هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە ئازارە مرۆییەکان لە کەرتی ناوچەکەدا دەکات.

ئەوەشی خستەو، "کاتی ئەوە هاتوە کاری جددی و بەرپرسیارانە بکرێت بۆ کۆتایهێنان بە داگیرکەریەکانی ئیسرائیل بدرێت بەرلەوەی ناوچەکە و جیهان و باجی زیاتر بدات بۆ ئەو ناداپەروەریە".